# " ئەو بزوتنەوە ئیسلامی‌یانەی کە ناوی خۆیان بە"بزوتنەوەی بەرگری" ناودەبەن وەیا ئەوانەی کە لەنیو حکومەتی کاتیدان، واتە هەم "سونی‌یەکانیان و هەم شیعەکانیان"، یەك بەرنامەیان بەدەستەوەیە، ئەویش داسەپاندنی بنەماکانی کۆمەلگای ئیسلامی‌یە لەعیراقدا"

**گفتوگۆی ئۆکتۆبەر لەگەل نادیە محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب لەبارەی کەمپینی راوەستانەوە لەدژی بەئەفغانی‌کردنی عیراقەوە**

**ئۆکتۆبەر: هاوری نادیە محمود بەپێی راگەیاندنیك کە بەرلە ماوەیەك بەئیمزای ئیوە بلاوکرایەوە، کەمپینی راوەستانەوە لەدژی بەئەفغانی‌کردنی عیراق دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە و ئەم رۆژانەش یەکەمین بلاوکراوەی بلاوکرایەوە.. سەرەتا ئامانج لەم کەمپینە چی‌یە و دەیەویت چ سیاسەتیك بەریتەپیشەوە؟**

نادیە محمود: سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەوگرنگی پیدانە بەکەمپینەکەمان... کەمپینی راوەستانەوە لەدژی بەئەفغانی کردنی عیراق. لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر و سەرەتای تشرینی یەکەمی سالی پارەوە بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی سیناریۆیەکی رەش کەهەمووان ئاگادارن لی‌ی، راگەیەندرا، سیناریۆیەك کە بەدوای جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا لەنیسانی 2003 هاتەکایەوە..

هەموو رۆژیك ئیمە ئەبینین و ئەبیستین کەچۆن دەستەو تاقمی ئیسلامی بەشیوازی جیاواز هەلدەستن بەکردەوەی تیرۆریستی لەدژی ژنان و توقاندنی هەولاتیان و ژیرپینانی سادەترین مافی فەردی و مەدەنیان. بینیمان کەچۆن حیجابیان بەشیوەیەکی زۆرەملی داسەپاند و"زەواجی موتعە"یان پەرەپیدا، کوشتنی ژنان بە بەهانەی شەرەف وتەنانەت بەدەبارانکردنی ژنان، هەروەك چۆن بەم دواییانە لەکوردستانی عیراق نمونەکەی دەرکەوت، تادەگات بە کوشتنی ئەو ژنانەی کاردەکەن، لەوانە ژنانی ماموستای زانکۆ، بیژەری رادیۆ و تەلەفزیۆن، وەرگیری کۆمپانیا بیانی‌یەکان، دەستدریژی جنسی وپاشان کوشتنی ژنان ... هەموو ئەمانە دیاردەیەکی مەترسیدارن کەلەشارەکانی عیراق، روو لەپەرەسەندنە، بەتایبەتی لەشاری موصل کەچەندین دەستەوتاقمی ئیسلامی، وەهابی‌یەکان، تاقمی القاعیدە، و پاشاوەکانی حیزبی بەعس... بەم شیوەیە سیناریۆی بەئیسلامی‌کردنی کۆمەلگای عیراق کەوتۆتەرێ. ئەو بزوتنەوە ئیسلامی‌یانەی کە ناوی خۆیان بە "بزوتنەوەی بەرگری" ناودەبەن وەیا ئەوانەی کە لەنیو حکومەتی کاتیدان، واتە هەم "سونی‌یەکانیان و هەم شیعەکانیان" یەك بەرنامەیان بەدەستەوەیە، ئەویش داسەپاندنی بنەماکانی کۆمەلگای ئیسلامی‌یە لەعیراقدا. ئەمانە ئەگەر لەشاری موصل بن یان بەصرا تەنها یەك کارنامەیان لەدژی ژنان بەدەستەوەیە. لەژمارەکانی یەك و دووی بلاوکراوەکەمان ئیوە دەتوانن ناوی ئەو ژنانە ببینن کەچۆن لە ئوتیلەکانی شاری موصلدا دەستدریژی‌یان کراوەتەسەر. هەروەها ناوی ئەو ژنانەش دەخویننەوە کەلەشاری بەغداد و شارەکانی‌تری عیراق کوژراون .. بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەعیراق وەك ئەوەی لەهەر شوینیکی جیهاندا هەیەو چالاکە تەنها ئەوکارەی هەیە کە سەری رمەکانیان ئاراستەی ژنان بکەن. ئەمەش وادەخوازێ کەپەیگیرانە بەرپەرچی ئەم پەلاماردانەیان بدریتەوە، بەرلەوەی قوربانی‌یەکانی زۆرو زۆرتر بیتەوە. هاوکات ئەوە بلیم کەکارنامەی ئیسلامی سیاسی بەتەنها ژنان ناگریتەوە، بەلکو هیچ کەسیك تەنانەت پیاوانیش دەرناچن لی‌ی، کەم نین ژمارەی ئەو هاولاتی‌یانەی کە بونەتە قوربانی دەستی ئیسلامی‌یەکان ، هەندیك تەنها لەبەرئەوە کوژراون چونکە سەریان بەمۆدیلی هاوچەرخ تاشیوە، یان جل وبەرگی بیانیان لەبەرکردووە و دەموچاویان هەلگرتووە. ئەمانە هەمان ئەو شیوازەن کە بزوتنەوەی تالیبان لەئەفغانستان پی‌ی هەستان . ئیمە کەمپینی "راوەستانەوە لەدژی بەئەفغانی‌کردنی عیراق"مان لەدەرەوە و ناوخۆی عیراق بۆیە راگەیاندووە تا بتوانین هەموو ئەو توانا و خەباتە یەکگرتووە کۆبکەینەوە کەئەتوانی بەر بە پەلامارەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ بەئەفغانی‌کردنی کۆمەلگای عیراق بگرێ و داکۆکی لەبەهاکانی کۆمەلگای مەدەنی ومافە فەردی ومەدەنی‌یەکان بکاو ریگانەدات

تەجروبەی تالی ئەفغانستان لەعیراقیش دووبات ببیتەوە، بەتایبەتی ئەوەی ئەمڕۆژانە دەبینری راستی شیوازەکانی بەئەفغانیکردنی عیراقە.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر جەوهەری کاری ئیوە خەباتە لەدژی ئیسلامی سیاسی و بەرگرتنە لە ئیسلامیزەبوونی عیراق بۆچی کەمپینەکەتان بەناوی راوەستانەوە لەدژی "ئەفغانیکردنی" عیراقەوە کەوتۆتەکار، ئایا حیکمەتی گەرانەوە بۆ ئەم ووشەیە چیە؟**

نادیە محمود: هەروەك پیشتر ئاماژەم پیدا، کاروکردەوەی ئیسلامیەکان ئەگەر شیعەبن یان سوننە، ئەگەر لە دەسەلاتدابن یان لەنیو"مقاوەمەچیان" دابن تەنها یەك سیناریۆ دەبەن بەریوە، ئەویش بەئیسلامیکردنی کۆمەلگای عیراقە. بەلام بۆ ووشەی ئەفغانستانمان هەلبژاردووە؟ چونکە سیمایەك لە سەرکوت و چەوسانەوە و دەست تیوەردان لەسەرەتاییترین مافە فەردییەکان، لەچەشنی سەردانی ژنان بۆصالۆنەکانی قژبرین، یان پەلاماری پیاوانیك کە کاتی خۆیان لە گازینۆکاندا بەسەردەبەن وقەدەغەکردنی تەرفیهاتی خەلك وئەوپاریانەی کە بۆبەسەر بردنی کاتە، تەنانەت پەلاماردانی شوینی فرۆشتنی کاسیتی ڤیدیۆ وسیدی کۆمپیوتەر، دەستوەردان لەدیارکردنی فیلمی سینەماکان، سەپاندنی پۆشینی بەرگی ئیسلامی.. هەموو ئەمانە سیمای ئەوکارو کردەوانە نیشان دەدەن کە خەلکی ئەفغانستان لەسەردەستی ئیسلامیەکان پییەوە نالاندیان و ئەمانەش لە دەزگاکانی راگەیاندندا بلاوکرانەوە. بەلام ئەوەی لەم بارەوە لەعیراق روویداوە وەیا روودەدات لەدەزگاکانی راگەیاندندا بلاو ناکریتەوە و دەولەتانی رۆژ ئاواش خەفەی دەکەن. پیدەچیت ئەو تاوانانەی رۆژانە لەدژی ژنان وپیاوان روودەدەن جیگای سەرنج وقسەوباسیان نەبیت هەربۆیە دەبی دنیا لەوە ئاگادار بکریتەوە کەئەوەی لەسەردەستی ئیسلامیەکان لەعیراقدا روودەدات شیوەیەکە لەئەفغانی کردنی کۆمەلگا، واتە ئەوەی لەویٚ روویداوە لیرەش خەریکە بەریوە دەبری هەربۆیە ئیمە ووشەی "بەئەفغانیکردن"مان بەکارهینا تا لەم ریگایەوە پەیوەندی ئەم رووداوانە پیکەوە گری بدەینەوە و ریسوایان بکەین.

**ئۆکتۆبەر: شیوەکار و ئامرازەکانی هەلسوورانی ئەم کەمپینە چۆنە و کی دەتوانی ببی بەئەندام، بەتایبەت مەرجی بەئەندام بوونی حیزب و لایەنەکان و کەمپینەکانیتر چۆنە لەلای ئیوە؟**

نادیە محمود: لەبەشی یەکەمی کاری ئیمەدا هەستانە بە بلاوکردنەوەی هەوال و زانیاری لەسەر رووداوەکان وئەوەی لەناوخۆی شارەکانی عیراق دەگوزەریت. هەروەك باسم کرد خەفەکردن وداپۆشینیکی ئاشکرای ئەو تاوان وسەرپیچی کردنانەی کەمافە مەدەنیەکانی هاو ولاتیان دەنیتە ژیر پیوە لەئارادایە، بەتایبەتی ئەوانەی لەبەرامبەر ژناندا روودەدەن و باسکردنی هەموو ئەمانەش لەبەرژەوەندی ئەوانەدا نیە کە دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، چونکە خۆیان هۆکاریکن بۆ خولقاندنی ئەم تاوانانەو حالەتەکانیان هەربۆیەش دەستیان بەسەر کەنالەکانی راگەیاندنی محلی وعیراقیدا گرتووە و نایانەویت لەم بارەیەوە بدوین. ئەوانەی ئەمرۆ لەگەل ئەمریکادا هاوپەیمانن سویند بەوە دەخۆن کە قوناغی ئیستا قۆناغیکی کاتیەو تیدەپەریت و ئارامی و ئاسایش دەگەریتەوە و مافەکانی مرۆڤ دیتەدی! هاوکات دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاواش هەوالی کاروکردەوەی ئیسلامیەکان چ ئەوانەی لە دەسەلاتدان و چ ئەوانەی"مقاوەمە"دەکەن بلاوناکەنەوە، مەگەر ئەوانە نەبیت کەپەیوەندی بەبوونیانەوە لەعیراقدا هەیە. بەلام ئەو هەوالانەی کە مەترسی بۆسەر گیانی هاولاتیان هەیە لەعیراقدا بلاوناکەنەوە و ئەمە بەکاری خۆیان نازانن . هەربۆیە ئەرکی ئیمەیە کە ئەوەی ئەمرۆ لەناوخۆی عیراق روودەدات بەرای خەلکی دنیای بگەیەنین.

دووەمیش ئیمە لەریگای ئەو ریکخراوانەی ئەم کەمپینەیان راگەیاندووە لەوانە ریکخراوی ئازادی ژنان لەعیراق و ناوەندی بەرگری لەمافەکانی منالانی عیراق و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق تیدەکۆشین تا دەستوریکی عەلمانی لەعیراق بچەسپیٚ و دەستوری ئیسلامی رەت بکریتەوە. بەتایبەتی لەم کاتەدا کە بەرەو پیری 8ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان دەرۆین بریارمانداوە ئەم رۆژە بکەینە رۆژی خەبات لەدژی دەستور ویاسای ئیسلامی و رۆژیك لەپیناو چەسپاندنی دەستوریکی عەلمانی لەعیراقدا.

بەمجۆرە ئیمە دەمانەویت بزوتنەوەیەکی جیهانی بەریٚ بخەین تا فشاربەرین بۆ ئەو لایەنە سیاسیەیانەی لەعیراقدا کایەکەیان بەدەستەوەیە و ناچاریان بکەین بەملدانیان بەدەستوریکی عەلمانی. دەستوریك کەجیاییدین لەدەولەت و سیاسەت بەدی دینی. بەکورتی ئیمە لەریگای بلاوکردنەوەی هەوالەکان و زانیارییەکان لەئاستیکی ئەوپەری فراواندا و فشارهینان بۆلایەنەکان و کۆکردنەوەو ریکخراوکردنی هەموو ئەو هیزانەی لەگەل ئیمەدا خۆیان بەهاو ئامانج دەزانن تیدەکۆشین بەربە هەولی ئیسلامیکردنی کۆمەلگای عیراق لەسەر نمونە ئەفغانییەکەی بگرین.

ئەم کەمپینەش کەمپینی حیزبیك نییە بەلکو کەمپینیکە کەدەتوانی هەموو ئەو هیزە ئازادیخواز و عەلمانیانە لەخۆبگری کە خوازیاری دەستوریکی عەلمانین بۆ عیراق و لەدژی ریگەدان بەئیسلامی کردنی دەستور و یاسان . لەمبارەشەوە هەر کەس و ریکخراویك و هەر حیزبیك کە دەیەویت کاری هاوبەش بکات دەتوانی ببیتە ئەندام لەم کەمپینەدا ولەپیناو ئامانجەکانی ئەم کەمپینە بکەویتە کاری هاوبەش و هاوئاهەنگەوە لەگەلمان.

**ئۆکتۆبەر: هاوری نادیە، ئیوە هەلسووراویکی بەرجەستەی بزوتنەوەی ژنانن لەعیراق و رۆژهەلاتی ناوەراست و بەتایبەتیش یەکیکن لەدامەزرینەرانی ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق... لەمبارەوە پەیوەندی کاری ئیوە لەمەیدانی ژناندا چۆنە لەگەل کاروباری کەمپینی بە ئەفغانی کردنی عیراقدا، ئایا پیکەوە بوونیکی کاری و سیاسی لەنیوان چالاکییەکانی ئیوە لەم دوومەیدانەدا هەیە؟**

نادیە محمود: تائاستیکی زۆر پەیوەندییان لەگەل یەك هەیە.. بەلی ئەم دووکارە پەیوەندیکی گەورەیان پیکەوەهەیە، چونکە مەسەلەی بەئەفغانیکردنی عیراق لەسەر دوو بناغە دەست پیدەکات یەکەمیان دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و داسەپاندنی بەهیزی چەك و لەریگای دەستبردن بۆ توندوتیژیو خوینرشتنەوە و دووەمیشیان چەوسانەوەی ژنان و دەستدریژی کردنەسەر سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسان. دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بەشیوەیەکی بەدیهی یانی چەوساندنەوەی ژنان. هیچ کۆمەلگایەك نییە کەئەگەر یاسای ئیسلام حوکمی تیدا بکا، ژنان بتوانن مافی یەکسانیان لەگەل پیاواندا ببی. نەلەهیچ شونیك و نەلەهیچ سەردەمیکدا لەم جۆرە حکومەتە ئیسلامییە نادۆزریتەوە. چونکە ئیسلام بریاری وای نییە کەژنان لەگەل پیاواندا یەکسان سەیربکا، چونکە ئیسلام بریاری وای نییە و بەپیٚویست هەموو نەهج و تیۆریکی لەسەر بناغەی هەلاواردنی جنسی دادەمەزرینی. بەم جۆرە ئەوە ژنانن کە زەرەرمەندی یەکەمن لە سەرهەلدانی ئیسلامی سیاسیدا. لەبەر ئەوەی کەمنیش لەبوواری داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنانی عیراقدا کاردەکەم و دەبینم کەچون دەستدریژی دەکریتەسەر مافەکانی ژنان و تەنها ئەوان زۆرترین زەرەمەند دەبن لەبەرامبەر داسەپاندنی یاساکانی ئیسلامدا، جا ئەگەر ئەوان لەعیراق و ولاتانی رۆژ هەلات بن یان لەنیو جالیەی عەرەبیدا لەولاتانی ئەوروپا ژیانبکەن. من دەبینم کە خەلکیکی زۆر و چەندین لایەن هەن پشتیوانی لەم ریبازە دەکەن و ئەمەش بووە هاندەریکی گەورەی من کە ئەم کەمپینە رابگەیەنم. بەتایبەتی کە پەلاماری "بەئەفعانی کردن" راستەوخۆ لەدژی ئیمە ژنانە و ئیمە یەکەمین ئامانجی ئەم پەلامارەین. بۆیە دەبی لەریگای هەلمەتیکی پیچەوانەوە بەرپەرچ بدریتەوە.

**ئۆکتۆبەر: پەیامی ئیوە چییە بۆ خوینەرانی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر؟**

نادیەمحمود: پەیامی من ئەوەیە کە بەم کەمپینەوە پەیوەستبن. وەرن بەریزی ئیمەوە، بەریزی جیهانیی ئەوانەی خوازیاری سکولاریزم و ئازادی و یەکسانین لەدەرەوە و ناوەوەی عیراق، پەیوەستبن. پەیامی من ئەوەیە کە وەرن بەریزی ئیمەوە پەیوەست بن تا پیکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی کارەساتەکانی ئەفغانستان بەرۆکی کۆمەلگای عیراق نەگری. وەرن باهەموو لەریگای بلاوکردنەوەی هەوالەکان و راپۆرتی رووداوەکان و تاوانەکان و دەستدریژیيەکانەوە بۆسەر مافەکانی ئینسان پەردەلەسەر بارودۆخی عیراق هەلدەینەوە. چەند رۆژ لەمەوبەر لەریگای یەکیك لەخۆینەرانی بلاوکراوەی "نابۆ ئەفغانی کردن" ەوە نامەیەکم بەدەست گەیشت کەجگەلەوەی دەستپیشخەری کردووە بۆ لەچاپ دان وبلاوکردنەوەی ئەم بلاوکراوەیە بەلام دواتر پیی راگەیاندم کە ترسی لەتاقمەکەی صدر هەیە چونکە تەنها بەزمانی کوشتن وەلام دەدەنەوە. بەلام من لیرە دەلیم کە تاقمەکەی صدر و ئیسلامی سیاسی دواین ریگا نیيەو چارەنوسیکی حەتمی نین بەسەر سەری خەلکەوە. چەوسانەوە و سەرکوت ناتوانی کردەوەیەکی حەتمی بیت تا ملکەچبین بۆی وەیا خۆمانی لەگەل بگونجینین .. بەلی ئەمانە مەترسیدارن، بەلام دەکری نەهیلدرین لەریگای رووبەرووبوونەوەی ئیمە لەگەلیان. ئەمانە دەست بۆ هەموو تاوانیك دەبەن تا تۆوی ترس بچینن لەدل و دەرونی خەلکیدا، تالەم ریگایەوە خەلکی ملکەچی خۆیان بکەن. من لیرەدا دەمەوی بلیم کە کە بەتەنها بەبزوتنەوەی ئیمە دەبی ئەمانە لەژیانی خۆمان و کۆمەلگا وەدەرنیین. ئەمە ئەرکی ئیمەیە کەوایە با خۆمان ریکخراوکەین.